www.kurdistannet.org
31-1-2006 21:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەست بەجی ئازادی بۆ ڕێبین تەها، ڕۆژنامەس و ڕابەری خۆپیشاندانەکەی کەلار! ... حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

ڕبیین تەها ڕۆژنامەس و سەرنوسەری بلاوکراوەی تەنز ئامیزی "نەعلەشۆ" سەرلەبەیانی 2006/1/29 لە لایەن پۆلیسی کەلارەوەو بەئەمری داداگا 10 رۆژ زیندانی دەکرێت، بەتۆمەتی ئەوەی کە تەشهیری کردوە و لەلایەن هەریەك لە سەلام عەلی سەرۆکی شارەوانی کەلار و مەجدی صالح لیبرسراوی ڕاگەیاندنی مەلبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانییەوە شکاتی لێدەکرێت. بەڵام ڕیبین تەهای لاو تەنها ڕۆژنامەس و سەرنوسەری بلاوکراوەی "نەعلەشۆ" نیە، ئەو ڕابەرێکی بەرچاو و لەپێشەوەی خۆپیشاندانەکانی کەلاردا شێلگیرانە وەستابوو، وە ئەندامیکی کارای دەستەی بەمەدەنی کردنی کەلارو رزگارییە، کە ڕابەر و ڕیکخەری خۆپیشاندانەکەی کەلار بوو.

دەسەلاتی کوردی ئەمرۆ دەرگیری ئەزمەیەکی قوڵی نیوان پڕ و پاگەندەکانی خۆیەتی لەمەڕ دیموکراسی و ئازادی و ئازادی بیسنور و ئازادی بیرو را یە لەگەڵ بە پرایتك دەرهێنانی پڕوپاگەندەکانی خۆیدا. لەلایەك ڕۆژانە لە تەلەفیزیون و کەناڵە ئاسمانی و ڕادیوَو ڕۆژنامەکانەوە سەرکردایەتی یەکیتی و پارتی باسی "ئازادی" دەکەن لە لایەکی دیکەوە و لەمەیدانی عەمەلیدا بەکردەوە ئازادی خەڵك و بیروڕڕی ئازادو خۆپیشاندانەکان ڕوبەرووی سەرکوت دەبنەوەو دەنگە ئازادەکاینش ڕوبەڕووی هەڕەشەو فتوا یان زیندانیکردن. ئەمە باری ڕاستەقینەی " ئازادی"یەکی ڕوکەش و سەرزارەکییە کە سەرکردایەتی کورد دەرگیرە لەگەڵیدا. لەگاتیکداباسی ئازادی دەکات، کەچی بە یاساکانی عقوباتی بەعس مامەڵە لەگەل ئازادی دا دەکات. ئەم بارە پێویستە لە ڕیگای یاسا و بە یاسایی کردنی ئازادییە سیاسیەکانەوە، لە ئازادی نوسین و ڕەخنە و بیرو ڕاو خۆپیشاندان و مانگرتنەوە. . . چارەسەر بکرێت و سنوری نێوان ئازادی و سەرکوت بەشێوەیەکی رۆشن لەم ڕیگایەوە دیاریبکریت. تا سەلماندنی یاسایی ئازادی سیاسی بێقەیدو شەرت، لە لایەن سەرکردایەتی یەکێتی و پارتیەوە، هەر باس و پڕوپاگەندەیەك لەسەر "ئازادی" جگە لە باق و بریق و ڕازانەوەی رۆژنامەکان و چەواشەکردنی ڕەئی گشتی شتێکی دیکە نیە و لە هەمانکاتیشدا خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە پیناو بەدەستهێنان و دابینکردنی ئازادی سیاسی بێقەیدو شەرتدا درێژەی دەبێت.

ئێمە، زیندانیکردنی ڕێبین تەها ڕابەری خۆپیشاندانەکانی کەلار، لەسەر نوسینی چەند تەنزێك بە توندی ئیدانە دەکەین، ڕیبین تەها نابیت بۆیەك کاتژمێریش زیندانی بکریت و پێویستە بەفەوری ئازاد بکرێت و دوای لێبوردنی لێبکرێت. سەرجەم ئازادیخوازان و ئینسان دۆست و عەلمانی و پێشکەوتنخوازان پێویستیان بەوەیە کە بیدرێغ دیفاع لە ئازادی سیاسی بکەن و بەفەوری داوای ئازادکردنی ڕبین تەها بکەن.

ڕێکخراوی کوردستان
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
2006/1/31